ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنەکەی بە کاتێکی نادیار هەڵگرت

ئەمڕۆ چوارشەممە، ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنەکەی بە کاتێکی نادیار هەڵگرت.

فەرمانگەی راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا، دەڵێت: ئەنجومەنی نوێنەران خوێندنەوەی یەکەمی بە ڕەشنوسی یاسای کاغەزە دارایییەکان و کاڵا تەواو کرد.

ئاماژەی بەوەشکرد: هەروەها ئەنجومەن ڕاپۆرت و گفتوگۆی ڕەشنووسی هەموارکردنەوەی یاسای سزادانی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی تەواوکرد، جگە لەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بە یاسای پشتیارکراوی سندیکای پرۆگرامرانی عێراقی تەواوکرد.

ڕونیشیکردەوە: ئەنجومەن دانیشتنەکەی بە کاتێکی نادیار هەڵگرت.